# عێـــراق
# جینۆساید و تەمومژی ناسنامە

لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرەتاییەکی پێویست:**

لەبنچینەدا هەڵبژاردنی ئەو ناو نیشانەی سەرەوەی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانترە کە چەند ساڵێکە بەشی یەکەمی ئەو لێکۆڵینەوە کە نیوەی شکاتنامەیە، تەواوبووە و دەستنووسە، ئەمە پوختەیەکی بەشی دووەمی هەمان لێکۆڵینەوەیە کە زۆر جار ویستوومە دەستی بۆ بەرم، بەڵام نەمتوانیوە، پێم وایە گەورەترین گرفتی ئێمە لەچوارچێوەی عێراقدا ئەو عێراقەی کەنعان مکیە مانایەکی تازە بۆ چوارچێوە کۆماریەکەی دەدۆزێتەوە، بەنێو ( کۆماری ترس). عێراقی بوونمانە. جینۆسایدەکەی کورد لەهەر یەك لەو وڵاتانەدا کە کوردی بەسەردا دابەشکراوە. هەر ئەوەیە تورکیا بوون، عێراقی بوون، ئێرانی بوون، ئێستا لەم ناونانانەدا هەست بەجۆرێك لە وونبوونی کورد دەکرێت ، من لەم نووسینەدا دەمەوێت قسە لەو پرسە بکەم ، پێم وایە کۆمەڵناسی گەورەی تورك (ئیسماعیل بێشکچی) زۆر جار لەنووسینەدا بەلای ئەو وونبوونەی مندا (من وەکو کورد) نووسینەکانی تێدەپەڕن. ئەو تەنیا کەسە لەسەر خاك و خەڵکی کوردی بەکۆڵۆنی کراوە قسە لەو جینۆسایدە شاراوەیە دەکات.

**کوردبوونی ئێمە لەبەردەم سڕینەوەدا**

من ئێستا دەمەوێ وەلامی ئەو پرسیارە بەتەواوەتی وەربگرم، ئایا عێراقی بوونی ئێمە جگە لەبەلایەك هیچی دیکەی بەئێمەی کورد بەخشیوە؟.

لەکۆی پێنج سەد وەڵام کەلە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالم وەرگرتووە کە بۆچی ئەنفال کران، وەڵامەکە جگە لە( کوردبوون ) هیچی دیکە نیە. بەمن بڵێ لەبەر ئەوەی عێراقی بووم، لێرەوە بەس نیە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی عێراقدا پرسیارێکی قوڵتر

لەناسـنامەی کـورد بکـرێ، ناسـنامەیەك هـەر لەسـەرتاوە کـار لەسـەر شـێواندنی کـراوە لەشەڕی چاڵدێرانەوە تاکو جەنگی جیهانی یەکەم لەوێشەوە تـاکو ئێرە، مـن نامـەوێ لـەم نوسـینەدا لەچوارچـێوەی عێـراق بـچمە دەرەوە، بۆیـە زیـاتر لەسـەر ناسـنامەی شـێواوی کـورد لـەم چـوار چێوەیە قسەدەکەم بـۆ ئـەوەی لـەناو گێـژاوی مێـژوودا وون نـەبین هـەر لەسەرەتاوە قۆناغی پادشایەتی کە دەکاتە سەرەتای دروستبونی عێـراق بـەم فۆرمـە هـەتا 1958. بـەجێ دەهـێڵین و لەوەبـەدواوە دێینـە سـەر ئاوەڕدانـەوە لەناسـنامەی کـورد لەعێراقـدا. سـاڵی 1963، ڕێـك ئـەو سـاڵەیەکە ناسـنامەی کـورد لەعێراقـدا ڕووبـەڕووی هەرەشـە دەبێتـەوە ئەمـە لـەوە بگـەڕێ لـەنێو دەسـتوردا بەتایبـەتی لەنێودەسـتوری کـاتی 1970دا عێـراق بـە وڵاتـی کـورد و عـەرەب ناودەبرێـت ،کەئـەوەش بـەبڕوای مـن درۆیـەکی گەورەیـە، ئـەو ماوەیـە کـە بـەعس زۆر پێـداگری لەسـەر دەکـات، لـەوێ بـەتاڵ دەبێتـەوە کـە خودی حزبی بەعس زۆر پێش ئەو مێژووە لـە عێراقـدا سـەری هەڵـداوە و ئەگـەر لـەقۆناغی (حرس قومی)یەکانی 1963 بگەڕێین و لانی کـەم لەساڵی 1968ەوە دەستپێبکەین واتـە دوو سـاڵ بـەر لەدەسـتوەرە کاتیەکـە بـەعس حـوکمی عێـراق بەدەسـتەوە بـووە.کەچـی حزبەتاقانەکە ناوی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بووە،بڕوانە بەزۆر بەعساندنی کورد و ئـەوانی دیکـە لەلایەك،لەلایـەکی دیکـەوە بڕوانـە بەنـدی (سـێ)ی دەسـتورە کـاتی یەکـەی هەمان حزبی دەسـەڵاتداریش، شێواندنی ناسـنامە لەتوانەوەیدایـە لـەوی تـرد ، ئەمـە رێـك لەگەڵ بڕگەکانی جینۆ سایدیشدا دێتـەوە. کـە سڕینەوەی ناسـنامەیە بـەر لەومێژوویـەش ساڵی 1963 هەر ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد کـەلای کورد بەساڵی ( حرس قومیـەکان) ناسـراوە. دروسـتکردنی گیـانی درندایـەتی لای ئـەوی عـەرەب بـۆ سـڕینەوەی کـورد بەتایبەت لە کەرکوك دا لەڕێگای هۆسە باوەکانی ئەو سەردەمەوە وەك (احن العرب اهل الغیرة نطرد الاکراد من هالدیرە، احن بدو وین العدو).

دەردەکـەوێت ئـەم پـەرەدان بـەگیانی دڕندایەتیـە یەکێکـە لـە ئامانجـە سـەرەکیەکانی شـێواندنی ناسـنامە. ئێـستا بـۆ ئـەوەی کـورد نەبێتـەوە" عـدو – دوژمـن". بـۆ ئـەوەی لەناوچەکەی دەرنەکرێ، دەبێت خەندێك لارەملێ بکات، واتە دەبێت ڕابێت لەسەر ئەوەی ئیرادەی خۆی لاواز بکات و فێری ئەوەی بکات چۆن ڕام بێت، چۆن کەوی بێت، من پێشتر لەوتارێکمدا بەدووردرێژیی لەسەر سڕینەوەی ناسنامە قسەم کردووە. کەئەمە لای بـەعس لەسڕینەوەی هەموو جیاوازییەکانەوە دەستی پێکرد.

**ڕای ئێمە بەرامبەر ئەوەی دی**

بەرلەوەی قسەیەك لەوە بكەم دەمەوێت یەك شایەدی بۆ كورد بدەم لەنێو هەموو شاعیرانی كوردا لەباباتاهیری لوڕیەوە تا گۆران و بێكەس. یەك شاعیری كورد نابینی بەخراپەناوی عەرەب بهێنێ. جگە لەونووسینەی گوایە پیر شالیار نووسیویەتی ئەمەیە پێویستی بەساغبوونەوەی زیاترە بەپێچەوانەوە باس لەدوژمنایەتی ئەوانی دیكەكراوە.نالی و سالم و كوردی و حاجی و فەقێ قادر وزۆری دیكە لەشیعرەكانیاندا باسی عەجەمیان بەخراپە كردووە. "ڕۆمی ئەوەندە شوومە لەشەخسیش دەدەن زەرەر".

كەچی بێكەس دەڵێ :

دۆستی كوردو عەرەب زۆر كۆنە تەئریخ شاهیدە

ناحەزی ڕوورەش لەداخا بایەخەی خۆی دادڕێ

گۆران دەڵێت :

برای عەرەبی چاو ڕەشم

تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم

لەیەك بادەتاڵی نۆشین

برایی كردین بە هەنگوین

بەر لەوان نالی هەم بۆ شانازی كردن بەخۆیەوە هەم بەعەرەبەوە دەڵێت :

فارس و كورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە

حاكمی سێ موڵكە نالی، ئەمڕۆ دیوانی هەیە

كورد هەوڵی زۆری داوە وێنەی برایەتیەك بكێشێت، بەڵام ئەمە لەگەڵ بەعسدا زۆر بەزەحمەت دێتەوە، بەعس وەكو گوتمان لەعێراقدا كە ئیدی عەرەب بوون لەخۆیدا قوت دابوو دەیویست ئەوانی دیكەش لەعەرەبی بووندا قوت بدات، هەڵبەت ئەمەش بە سڕینەوەی جیاوازیەكان، تەنانەت ئەگەر لەناو خودی بەعس و عەرەبیشدا بن، وەكو سڕینەوەی ئەندام كۆمیتە ناوەندیەكانی حزبی بەعس "محی عبدالحسین، محمد محجوب، محمد عائیش، غانم عبدالجلیل،عدنان حسین حمدان و وەلید محمود سیرەت". و ئەوانی تر.

بڕوانە " العراق دولة المنظمة سرية" نووسینی حەسەن عەلەوی ، بەعس لەگەڵ ئەوانی خۆیدا ئاوا رەفتار بكات ئیدی دەبێت لەگەڵ كورد ئەوانی ترد چۆن مامەڵە بكات،

ڕەوایی دان بە جینۆسایدکردنی ئەوانەی وەکو تۆ نین ،وەکو تۆ بیرناکەنەوە ،وەکو تۆ هەنگاو نانێن، لێرەوە دەست پیدەکات، لەویوەوە کەناسنامەی ئەوان بخرێتە ژێر پرسیارەوە ،لای بەعس هەموو ئەوعەرەبانەی کە بەعس نین یەکجار لەژێر پرسیاردان، بەڵام هەمووئەوکوردانەی کە عەرەب نین و بەعسیش نین دوو جار لەژێر پرسیاردان. ئەمە تەنانەت بۆتە نوکتە.

**پرۆسەکانی جینۆساید و کوردستان**

ئێستا ئەگەر بەخێرایی ئەگەر ئاوڕ لەچەند پرۆسەیەکی جینۆساید بدەینەوە دەبینن هیچ یەك لە پرۆسەکانی جینۆساید هێندەی ئەنفال بەووردی بەرنامە ڕێژی بۆنەکراوە، سڕینەوەی ناسنامە، تەم ومژاوی کردنی، لەخۆ بەگومان خستن ، هەوڵدان بۆ خۆبەنەفرەت کردن وەك کورد بوون، لای کورد بەتایبەت لەسەردەمی گەلە جاش دروستکردندا، ئەوجا چۆنێتی عەرەباندنی یان ڕوونتر بەعساندنی سیمای عێراق بەگشتی بەکوردستانیەکەشەوە کە کرابووە (شمال حبیب) پەرەدان بەناوی عەرەبی، پەرەدان بەپەروەردەی عەرەبی، مێژووی عەرەبی، بڕوانە کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندنی حەفتاکان و هەشتاکان، دروستکردنی ناوگەلی وەکو "قادسیەو صمودو نەصرو شۆڕش وقودس، شەهیدانی قادسیە .. هتد" . لەکوردستان دواتر ناونانی پرۆسەکە بەئەنفال ئەویش بەو بەرنامەڕێژیەی کە بەهەشت قۆناغ دابەشکرابوو، بەجۆرێ کەلە ڕووی سەربازیەوە بۆ سوپای عێراق کارێکی ئاسان و بێ زیان بێت ئەمە لەهیچ یەك لەجینۆسایدەکانی دیکەدا نابینرێ بۆ نموونە: جینۆسایدی ئەرمەنەکان ساڵی 1915،لەسەر دەستی تورك یان هۆلۆکۆست، کوشت و برشی کوردەکانی دەرسیم 1937–1938، کوشتو بڕی توتسی و هۆتیەکان 1972، پەلامارەکانی پڵنگە سوورەکان لەکەمبۆدیا، هەموو ئەمانە بەوجۆرە ئەنفال بەرنامە ڕێژیان بۆ نەکراوە، قسە لەسەر ئەو نەخشەیە کەکاری لەسەر کراوە، لەئەنفالدا ئامانج تەنیا ئەو کەسانە نەبووە کەپێشمەرگە بوون، تەنانەت ڕاگەیاندنەکەی عەلی حەسەن مەجید سەبارەت بەناوچە قەدەغەکراوەکان، ڕاگەیاندنێکە دژ بەهەموو بونەوەرێك ئەو بڕیاری مەرگە بەس ئەوکەسانە ناگرێتەوە کەچەکیان کردۆتە شان و هیچی تر، داخستنی ڕیگاکانی گوندەکان و برینی هەمووجۆرە پێویستیەکە کە بگات بەو گوندانەو بەردەوام سوڕاندنەوەی فرۆکە بەسەر ئاسمانی ئەو گوندانەداو کوشتنی هەرکەسێك و ئۆپراسیۆنی سەربازی بەردەوام ئەمە سەرەتا نەخشە

بۆ کێشراوه جگه لەوەی کە گوتمان ناسنامەی کوردبوونیش بۆ خۆی لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوەدا بووه. بەڕادەیەك کە بۆ بچوکترین کار دەبوایه فۆڕمی بەعسی بوون پڕبکرایەتەوه ناسنامەکەی بەعسیش بوون دیاره.

جینوسایدی بەرنامەڕیژ

پێشتر باسم لەوه کرد له کۆی ئەو فۆرمانەدا کە لەشۆرش وسمود دابەشم کردوه، کوردبوون هۆکاری یەکەمی تاوانی ئەنفالە، کەواتە بەعس پاش بەعسیکردن وعەرەباندنیش هێشتا گومانی لەکورد نەڕەویوەتەوه. بۆیە دێت ئەنفالی دەکات. کاسێتەکانی عەلی حەسەن مەجید کە تیادا هەڕەشەی ئەوه دەکات وەکو "سەگ دەیانتۆپێنێت". ئاماژەیه به بەو هەڵگەرانەوەیەی کورد لەبەعسیبوون و عەرەبیبوون و عێراقیبوون، مامەڵەی عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ کورد هەمان چیرۆکی هەڵواسینی ئەو چوارده کەسەمان بیر دەخاتەوه کەله ساڵی 1963 بەبیانوی سیخۆڕی له گۆڕەپانی بەغدا هەڵواسران ونیشانی دنیا دران. کاتێك رۆژنامەی ئەهرامی میسری رەخنه لەو شێوه کوشتنه دەگرێت، ڕادیۆی بەغدا بەم جۆره وەڵامدەداتەوه " ئێمه تاوانباری تر لەزینداناداو بەنهێنی سزا دەدەین، بەڵام جولەکەی سیخوڕ وەکو مەسیح بەخاچادا هەڵدەواسین".!!

لێرەدا ئەگەر لەناوەڕۆکی سوکایەتیکردنەکه بەمەسیح و ئینسانیش خۆمان ببوێرێن وهەر لەسەر مامەڵەی عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ کورد ئەو بەراورده بکەین، ئیدی دەزانین کەشوناسی کورد له عێراقدا لەبەردەم چ شێوانێکیکدایه. شێواندنێك که تەنانەت بەعسیبون و عەرەبیبونیش دادی نادات لەم بارەشەوه زۆرن ئەوانەی کە کوردن و هەر سێ ناسنامەکەی تریان بەوپەڕی قەناعەتەوه قەبوڵکردووه. بەڵام لەغەزەبی بەعس ڕزگاریان نەبوه لەناوبەڵگەنامەکاندا. بۆ خۆم بەڵگەنامەی وام بەرچاو کەوتوه کە دەستڕۆیشتوویەکی کورد لەنامەیەکدا بۆ تەها یاسین ڕەمەزان – سەرەڕای بوونه عەرەب و بەعسی – هێشتا کار ئاسانی بۆ ناکرێت. لەنامەکەدا هاتووه" ئێمه سەرەڕای ئەوەی هەزاران خێزان گەڕاوینەتەوه سەر ڕەسەنی عەرەبیبوونی خۆمان و هەموومان خزمەتکاری بەعس و سەدامین".

لەگەڵ ئەوەشدا دیاره کارەکەیان ناڕوات، بەعس هەمو دەزگاکانی خزمەتی ئەو بەسوك نیشاندانی کوردو شێواندنی ناسنامەیەوه ، میدیا، پەروەرده،کشتوکاڵ،

تەندورستی و تـەواوی ئـەو دام دەزگایانـە کەبەشـێکیان ئینسانی تەواویـشن ، میـدیای بەعس، هەمیشە میدیایەکی تۆقێنەر بووە. لەبەرنامەی رۆژانەی " صور من المعركة"وە تادەگاتەوە نیشاندنی پەلامارەکانی ئەنفال و نیشاندانی قوربانیەکان بەدەستە پاچەیی. زوهێـر جـەزائیری لەبابەتێکـدا بـەنێوی "پـێش ئـەنفال و پـاش لـەبیر چـونەوە". ئامـاژە بەومیـــدیا ترســـناکە دەدات و دەڵێـــت ڕۆژنامـــەکانی بـــەعس بـــەم جـــۆرە بـــەزمانی سـەرکردەکانیان قەسـەیان دەکـرد، قسەکان قسەی سـەدامن "لاشـەکانیان" بەسـەر ئـاوی زەلکاوەکاندا دێت و دەچێت.

ڕۆژنامەی جمهوریە لە 5ی نیسانی 1984. شادەکاری دوژمنکاریمان بڕی. ڕۆژنامـەی سـەورە 22/ی کـانونی دەوومـی /1985. شیـشی سـورەکراوە و داخکراویـان بـۆ ئامادەبکـەین. جـەزائیری دەنووسـێت دواتـر دەرکـەوت مەبەسـت لەشیـشی سورەکراوە و داخـراو، چەکە یاساغاکانە، ئەمـە ڕۆڵێکـی گـەورە لـە تۆپانـدن و بـێ ئیرادەکردنـی ئـەوی بەرامبەر دا دەگێڕێت. ئەمـە لەکاتێکـدا ئـەم ڕاگەیاندنـە بەرامبـەر سوپایەکی گـەورەی وەك سوپای ئێران ئاوەیە، بەڵام ئەگەر هەمان ڕاگەیاندنی بەرامبـەر خـەڵکی سڤیلی کوردستان بەڕێوەبچێت. ئێستا تێدەگەین پرۆسـەی جینۆسایدکردنی کورد چەند ترسناکتر بووە، مـن بـۆ خـۆم دووجـار کاتێـك کۆپتـەر هاتووتـە سـەرمان بیرمـە چ دەدرەسـەرییەکمان بەسەرهات تاخۆمان شاردوەتەوە .

جارێك لە ڕێی شوان جارێك لـە چیمەن ئـەو چیرۆکانەشتان بیستوە کە چۆن کۆپتـەر پـاش ڕوت قوتکردنـەوەی شـوفێری ئۆتۆمبیلێـك یـان شـوانێك ئەوسـا کوشـتویەتی، هـەر ئەمە لەگەڵ هاوڵاتیەکی گوندی سەیدانی ژووری و ناوچەی شواندا کرا کەناوی" عـەزدین نەســرەدین". پــاش ئــەوەی لەئۆتۆمبیلەکــەی دەینێننــە خــوارەوە هــەموو دەرگــای لانکرۆزەکەی پێدەکەنەوە.خۆشی ڕوت وقوت دەکەنەوەوپێکەوە خۆی و ئوتومبیلەکەی دەسوتێنن. ئەمە چیرۆکێکە لەهەزاران چیرۆکی کاریگەرت. ناسنامەی عـەزەدین کەیەکێکە لـە قوربانیـەکانی دەسـتی بـەعس ناسـنامەیەکی عێراقیـەو بۆخۆشـی دەکەوێتـە سـنوری ناوچەیەکی تەعریبکراوەوە.

لـەم هـەنگاوە بـچوکانەوە جینۆسـیادی گـەورە دەسـت پێـدەکات، کـە ئۆپەراسـیۆنی هەشت قۆناغی ئەنفالە،لەدوای ئەنفالیش ئەم پرسەیە جینۆسادە درێژی هەیە، کە هـەموو جۆرکانی تاوانی نێودەوڵەتی تێدا بەدی دەکرێت هـەر لەتاوانـەکانی جەنگـەوە تادەگاتـە تاوانەکانی دژی ئینسانی و تاوانەکانی سڕینەوەی سەرتاسەری .

ئەگەر بەووردی تەماشای ئەم جۆرە تاوانانە بکەین لەهەرسێ بەندی 6و 7و8 ی یاسای بنچینەنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەبینن. کوشتن لەسەر کورد بوون، لەنێوبردنی گروپ، زیانگەیاندنی جەستەیی وئاوەزیی تاڕادەی شێتکردنی سەدان کەس، ناچارکردن بەژیانی ناجۆر، گواستنەوەی منالْ لەگروپێکەو بۆ یەکێکی تر، لەمبارەیەوە، شایەتحالێك باس لەودەکات کە چەندین منالْ لەکاتی کیمیا بارانی هەڵەبجەدا بەلۆری گوازراونەتەوە بۆ شوێنی نادیار. سەبارەت بە زیانگەیاندن بەئاوەزرو بیرو هۆش، جاشێکی قاسم ئاغای کۆیە بۆیی گێڕامەوە کە چۆن بەشێکی زۆر لەگیراوەکانی دوڵی بالیسان ودەوروبەری کۆیە، شەوێك لەکۆیە دەست بەسەر بوونە، بەرلەوەی بگوازرێنەوە بۆ هەولێر،ئەو شەوە هەموویان وەکو شێت مامەڵەیان کردووەو جارجار گریاون، جارجار پێکەونیون و هاواریانکردووە پێدەچێت ئەم کاریگەری ئەو چەکە بوبێت کە بەکارهاتووە، ئەمە جگەلە کوشتنی بەئەنقەست نموونەی کوشتنی شوانەکان، لەنێوبردن نموونەی هەوڵدان بر سڕینەوی جەلەمۆرد، گۆپتەپە، کۆچ پێکردنی بەزۆر، زیندانیکردن و لەتەلەند خستن, ئازارو سزای جەستەیی، دەستدرێژی کردنە سەرو بەزۆر بارهێنان، دەبینی تەواو جۆرەکانی تاوانی دژی ئینسانی لەکوردستان پیادەکراوە، لەکاتێکدا هەر بەوەشە ناوەستن لەبڕیارێکدا کە ژمارە 199 ی لەسەرەوە 2001/9/6 لەلایەن سەدام حوسێنەوە دەرچووە و تیایدا هاتووە:

١- بۆ هەموو عێراقیەك کە هەژدەساڵی تەواوکردووە ماڧ ئەوەی هەیە نەتەوەکەی بۆ عەرەب بگۆڕێت.

٢- لەم بارەیەوە داوایەك ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شارستانی کەکەسەکە بیەوێت. ئەم ڕپیارە بە" ڕاستکردنەوەی نەتەوایەتی ناسرا. ئێستا ڕەنگە هەبن بڵێن ئەم بریارە جۆرێك لەئارەزوومەندی تیایە و سەپاندنی تیانیە، بەڵام کەئاوڕ لەپێشتر دەدەینەوە دەبینن لە بنچینەدا ئەم بڕیارە لەپەنای ئارەزوومەندیەوە بەبەرگێکی تۆخی ناچاری دەورەدراوە. بۆ نمونە هەشت ساڵ بەر لەو مێژووە بەئیمزای تەها یاسین رشەمەزان لە 1093/8/3 نوسراوێکی دوو بڕگەیی ئاراستەی پارێزگای کەرکوك کرانووە کە دەڵێت :

٣- ئیدی هیچ مۆڵەتێکی بەلێندەرایەتی و خزمەتگوزاری نادرێت جگە لە عەرەب.

٤- چاودەخشێنرێتەو بەهەموو ئەو مۆڵەتانەدا کە پێشتر دراونەتە خەڵکانی غەیرە عەرەب،ئەمەش بەشێوەیەکی هێمنانە و بەهاوکاری سەرکردایەتی فەرعی جیزب و مەجلیسی شەعب کار بۆ دورخستنەوەی ئەوانە دەکرێت کە عەرەب نین و عەرەبیان لەبری دادەنرێت .

ئەمە لەکاتێکدا بەر لەومێژوەش بریاری ژمارەی(4) ی 11م1/1986 هەین، کەلەلایەن سەدام جوسێنەوە دەرچووەز ئێستا تێدەگەین کەناسنامەی کوردبوون لە عێراقدا لەبەردەم چ هەرەشەیەکدا بووە بەجۆرێك تا ئێستاش لەهەناوی عێراقیبووندا ئەو هەرەشەیە بەردەوامە. عێراقیبوون بەو ئاوەزەوە کە عەرەبی عێراقی تێیدا گەشەی کردووە. لەعێراقدا بەردەوام کار لەسەر سرینەوە شوناسی کوردی کراوە، ئەمەش ترسناکترین جۆری جینۆسایدە.

**دۆزخی مرۆڤبوونی کورد لە عێراقدا**

ئەگەر بەووردی راپۆرتەکەی " ماکس ڤان دێر شتوئیل" بخوێنینەوە. تێدەگەین کە کورد لەچ دۆزەخێکی ترسناکدا ژیانی کردووە، ڕاپۆرتەکەی ئاماژە بەچەندین جۆر و شێوازی جینۆسایدە دەدات، بڕوانە: تقرير عن حاله حقوق الانسان ڧ العراق، اعده السيد ماكس فان دير شتوئيل "لەوڕاپۆرتەدا چەندین حاڵەت تۆمار کراوە، کەگشتی ناسنامەی کوردبوون لەعێراقدا لەبەردەم هەڕەشەی لەنێوچوندا ڕادەگرن, ڕەنگە شتێك بێتە مایەی سەرسورشمان ئەگەر بڵێین ئەوەی لەعێراقدا دەرهەق بەکورد کراوە، جینۆسایدی ڕەوایی پێدراوە، واتە جسنۆسایدێك لەچوارچێوەی وڵاتێکدا کە بەشێکی زۆر لەیاسا نێودەوڵەتیەکانی پاراستنی ئیسنان و جاڕی گەردوونی ماڤ مرۆڤی واژۆکردووە، ئەمە جگەلەوە بەردەوام لەدەستورەکەیدا قسە لەسەر ئازادی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی دەکات. تەنانەت هەموو ئەو ڕاپۆرتانە بەدرۆدەخاتەوە کەباس لەو دەکەن لە عێراقدا بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ پێشێلکاری هەیە، مرۆڤ کە بەراووردی بەندەکانی جاڕی گەردوونی ماف دەکات، بەبارودۆخی کورد لە عێراقدا تێدەگات ناهەقیەکی گەورە بەرامبەر کورد لەدنیادا بەرێوەدەچێت، تەنانەت لە ڕوەوە کە کیٚ پیشتر ماڤ سەربەخۆیی وخۆ بەرێوەبردنی هەیە کوردستان زۆر پێش کۆسۆڤۆ دێن ن پێدەچێت تا ئەم چرکەساتە ئاکاری سیاسی زۆر لەدوای بەرژەوندییەوە بێت. هەر ئەمەش هۆکارێکی هەرە لەپێش ئەو پشتگویٚ خستنەیە،کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە

زلهێزەکانی لەپێشی پیشەوە بەرپرسیاری یەکەمن لەو جینۆسایدە بەردەوامەی بەرامبەر کود کراوە و درێژەی هەیە، بۆ بەراورد بەباردۆخی مرۆڤی کورد لێرەدا چەند بەندێکی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە پێدەدەین:

بەندی (3) : هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

بەندی(5): هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجەو سزات نادرێت ورەفتاری توندوتیژی و دڕندانە و ئابرووبەرانەی لەگەڵ ناکرێت.

بەندی(6) : هیچ مرۆڤێك نابێت بەشێوەیەکی رەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یان دووربخرێتەوە.

بەندی(13) : هەموو کەسێك ئازادی هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبونی لەهەر دەوڵەتێك هەیە.

بەندی(17) : خاڵی دووەم : نابێت بەڕەمەکی موڵك لە هیچ کەسێك بسەندرێت.

نیشاندانی ئەم چەند بەندە بەسە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن لەسەر بارودۆخی کورد بکەین، خۆنیشاندانی عێراق وەك دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەب ولەزۆر جاریشدا هەوڵدان بۆ رشێبەرایەتی نەتەوەی عەرەب لەوڵاتە عەرەبییەکاندا بەتەواوەتی مافی دیکە لەناودەبات. دەوڵەتی نەتەوە لەپێناوی سەرخستنی بیری نەتەوەدا بەتایبەتی لەدۆخێکی مافی ئەوانی دیکە لەوناودەبات. دەوڵەتی نەتەوە لەپێناوی سەرخستنی بیری نەتەوەدا بەتایبەتی لەدۆخێکی وەکو دۆخی بەعسدا هەرگیز لەو ناپرسێتەوە کە لەتەلاقەی سەرخستنی کارەکانیدا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت. یان لەچاوی ئەوای دیکە وێنەی درەندە نیشانداداتت، دەوڵەتی نەتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتی نەتەوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی بێت ، بینا لەسەر مێژوو ڕابردوو ئەوە هەمیشە خۆی وەك قوربانی نمایش دەکات, زۆر ئەستەمە بتوانرێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا بەندەکانی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ بەتەواوی تەواو لەبەرچاو بگیرێت، هەر نا لەدەوڵەتێکی وەکو عێراقدا کە جگە لەعەرەب کورد و تورکمان و کلدۆئاشوور وخەڵکانی دیکە تیایدا دەژین.

**دەوڵەتی نەتەوە وجینۆساید**

عێراق وەك دەوڵەتی نەتەوە، بەتایبەتی لەقۆناغی دەسەڵاتی بەعسدا، دەوڵەتی نەتەوەی عەرەبە. لێرەشەوە ئیدی جێگا بۆ هیچ کەسێکی دیکە نامێنێتەوە. هەر ئەمەش زەمینەی سڕینەوەی جینۆساید زیاتر خۆش دەکات، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم پرۆسە

جینۆسایدەدا دەوڵـەتی نەتـەوەیی عـەرەب لـە عێـراق، بەلایـەوە مەبەسـت بـووە کـە کـورد خۆیشی بـەکار بـەرێت، ئەمـەش مەبەسـت لـەو گەلەجاشـە زۆرەیـە کەپێشڕەوی لەشکری سوپای بەعسیان کرد لەکوردستان.

ئێمـە ئەگـەر تەماشـا بکـەین، لەهـەر هەشـت قۆناغەکـەدا جـاش ڕۆڵـی سـەرەکی تیـادا گێڕاوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە بەعس بۆ لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی کوردی، کەلانیکەم لەسـەردەمی شێخ مـەحمودەوە ڕۆشـنبیران کـوردنی لەخـەباتی ئـەوەدابوون کـە یـەکی بخـەن، تەنانـەت لـەنێو کاژیـك و هیـوا و ڕزگاریـدا کـار بـۆ ئـەوەکرا کـە کوردبـوون بخرێتـە سـەروخێڵ و هۆزوبنەماڵـەوە، بـەعس جگـە لـەوەی کەتـەواوی فەوجـە جاشـەکانی لەسەر بنەمای عەشرەت دروستکردبوو، لەپرۆسـەی ئەنفالیشدا بۆ زیاتر فەوجە جاشی کوردی سـنوری ئـەنفالی هەشـتی دەکرد بەگژ سـنوری ئـەنفالی یەکدا، ئەمـە بەئاشـکرا لـە ڕۆژنامەیەکی سەردەمی بەعسدا قسەی لەسـەر کراوە، مـن لـەکتێبی جـاش و ئەنفالـدا کـە زیـاتر بەڵگەنامەییـە باسـی ئـەوەم کـردووە. کـە چـۆن سـەرۆك جاشـێك کـە خـەڵکی سـنوری بادینانە بەشداری ئەنفالی یەکی کردووە گلەیی ئەوە دەکات کە وەکو پێویست نیشانەی ئازایـەتی پێنـەدراوە. لـەم گەمەیەشـدا بـەعس مەبەسـتی بـووە ئـەو شوناسـە بەتـەواوەتی ناشرین بکات، زۆر جار تائێستاش گوێبیستی ئەوەدەبین، کەسانێکی زۆر بنەماڵـە و هـۆزو خێـڵ و ڕیشە بـۆ پیرۆزی خۆیـان دەبەنـەوە سـەر عـەرەب. ئـەم ڕاکردن لەحەقیقـەتی بوونـە، بـەزۆری هـەر لـەنێو کـوردا دەبینرێـت و دەگمـەن ڕێکدەکـەوێت تورکیـك ، فارسـێك، عـەرەبێك، خـۆی بکـات بـەکورد، بـەڵام کوردەکـە خـڕ حاشـا لەبنـچینەی خـۆی دەکـات. لەخۆحاشاکردنیش لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونی دیکەدا دەچێتە خانـەی سڕینەوەوە، ئەمـەش جۆرێکـە لەناچارکردن، گەڕانـەوەی ئێمـە بـۆ کوردبـوون دوور لـەمانا ونارۆکـە ناسیۆنالیـستەکەی، هەوڵێکـە بـۆ بایەخدانـەوە بـەمرۆڤبونی ئێمـە. بـەعس لەدرێـژەی جینۆسایدی سی و پێنج ساڵەی خۆیدا، لانیکەم لە 1968 –2003. ڕۆڵێکی ترسناکی لەشـێواندنی کەسـایەتی کـوردا بینیـوە، سیاسـەتەکانی " بـەعرەبکردنی کـورد، بەبەعـسیکردنی کـورد، دەکردنـی، کوشـت و بـڕی، لێـسەندنەوەی ناسـنامەی عێراقـی نموونـەی کوردە فەیلیـەکان، جگـە لـە هەمووئەوانـەی کەلەسـەر ژمێـری 1987 دا ئـەژمار نەکراوەن". هەروەها درێژەدان بەسیاسەتی باوی ینگلیز پەرتکەو زاڵبـە کـە بـەعس لـەناو کوردی باشـوری کورسـتاندا زۆر بەشـارەزایانە کـاری لەسـەر کـردووە. تەنانـەت لەسـاڵی

1989 دوو ڕۆژنامەی کوردی بۆ خزمەتکردنی بەو سیاسەتە دەرکرد، بزاڤ و ئاسۆ کەبەشێوەیەك تا ئێستا ئەو پەرتکردنە کاریگەری بەسەر کوردەوە ماوە پڕۆژەی ڕوونی بزاڤ و ئاسۆ، پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەیماڵی کوردی بوو کە پێشتر ڕۆشنبیرانی کورد هەر لەبڵاووکراوە کوردیەکانی دیکەدا، وەك چۆن ئیبراهیم ئەمین باڵدار لەئلفێبێکەی خۆیدا کۆی کردبوونەوە، کۆیان کردبوونەو، ئەم دیقەت ئیشکردنەی بەعس بۆ تەواوەتی توانەوەی کگورد لەهەموو ڕێگاکانەوە کاری بۆکراوە. تەنانەت لەچۆنێتی گفتوگۆکردن لەگەڵ حیزبەکانیشدا ، ئێمە هەر لەمناڵیەوە پەروەردە دەکگراین لەسەر ئەوەی عەباسی کوڕی فیرناس و ئیبن سینا و جاحز و ئەبا عوبەیدی جەراح و ئوحود و بەدر بخوێنین، بەڵام بۆمان نەبوو بەڕابردووی خۆمان ئاشنابین.

هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسێتی کورد لەوبارە تێکشاوە دەربازبکرێت، بنیاتنانەوەی ئەوە کەسیەتیە، نەك حەکایەتخوانی و لاوانەوە، جینۆسایدی بەعس بەرامبەر بە کورد جینۆسایدێکی بەرنامە بۆ داریژراوەی تۆکمەبووە، ئەگەر پێناسەی جینۆساید هەر ئەوە بێت کە لەرێکەوتنامەی 1948 داهاتووە دەڵێت : هەریەك لەم کارنەی خوارەوە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە.

لەناودانی کۆمەڵێکی ڕەگەزی یان نەتەوەیی یان ئاینی یاخود ئیتنیکی بەگشتی یان بەشێك لەو کوشتنە، کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێك وزیان پێگەیاندنێکی جەستەیی یان هۆشی ترسناك بەئەندامانی کۆمەڵێك، بەئەنقەست دانانی کۆمەڵێك لەبارودۆخێکی وادا کەمەبەسەت لێی لەناودانیان بێت، بەرگرتن لە زیادبوون و مناڵبوون و لەدایکبوون، گواستنەوەی مناڵیە کۆمەڵێك لەڕێگای هێزو زەبرو زەنگەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە". ئەوەدەبێت دان بەودا بنێین کە کورد بە عێراقدا لەبەردەم جینۆسایدێکی سەرتاسەریدا بووە، ئە وەی بەسەر کورد هاتووە لە عێراقدا ئەگەر ئاوڕ لەمێژووی رابردو بدەینەوە دەبینن زۆر هۆز و نەتەوە بەهەمان شێوە لەناوبراون وتووشی لەخۆ ونبوون و خۆونکردن ڕیشەونکردن بوونە، جیهانی عەرەبی نمونەی زیندووی لەم بابەت نیشانی ئێمە دەدات، بۆ نموونە قتبیەکان،ئەمازیغیەکان، سائبەکان.. هتد. لوڕەکانیش لە ئێستادا بەجۆرێك تووشی ئەو لەخۆ ونبونە بوون، لەنێوان لوڕبوون وکوردبونوتارادەیەکی زۆر کەیمتریش فارسی ووندا. ئەوەی کە ئێستاش لە کوردستان دەگوزەرێ نموونەی ئێزدی وکاکەیی و هەورامی و تاد.

درێـژکراوەی هـەمان سیاسـەتی جینۆسـایدە،کەبەعس کـاری لەسـەر کـردووە. بـەبڕوای مـن لەپرۆسـەی سـڕینەوەی ناسـنامەی کـوردا، یـان کـارکردن بـۆ ئـەو سـڕینەوەیە، چـەند وڵاتـانی کۆلۆنیـاڵ ئەوانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە تاوانبـارن، چـەند کـورد خۆی هاوکارو پێش لەشکر بووە لەهـەموو ئـەو وڵاتانـەدا، هێنـدە دنیا بەگشتی وڕۆژئـاوا بەتایبـەتی بەرپرسـن. خۆکـەڕکردن لـە دۆزی کـورد ئـەوە خـۆی دەدات لـە (100)سـاڵ،لەم ماوەیەشدا چەند جارێك جینۆسایدی کورد کراوە، کە دیارترینیـان جینۆسـایدی دەرسـیم 1937–1938 و جینۆسایدی ئەنفالـە. هـەر ئەمـەش هەسـتی نەتەوایـەتی هەڵبـەت بـەمانا ناسیۆنالیـستیەکەی نـا لای کـورد لاواز کـردووە، ئەمـەش جۆرێـك لـەیادکاڵی لای کـورد دروستکردووە، ڕەنگە کەسێتی کورد بـەردەوام لەبـەردەم ئـەم پرسـیارەدا دۆش دامابێـت. کـە کوردبـوون نیـشانەی نەگبـەتی بێـت بـۆ کـورد بم؟. ئەمـە کـەم کـەس ئـەو ئازایەتیـەی هەیەبە ئاشـکرا دەیبڕێـت، بـەڵام پرسـێکەوکە لەواقیعـدا تەماشـای دۆزی کـوردی دەکـەیت، ئـەو ڕاکـردن و لەکوردبوونـە، ئـەو گەلـەجاش بوونـەی بـەردەوام کـورد سـەرقاڵی بـووە، بەراستی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە دەیڵێن دەکرێ ئەو سیاسەتە ناوبنرێـت سیاسـەتی خۆ لـە کـوردی خستن، کەئەمـەش وەك گـوتم دنیـای ڕۆژئـاو ڕۆلێکـی گـەورە تێـدا گێـڕاوە، لانیکـەم لـەدوای شـەڕی جیهـانی یەکەمـەوە کـورد قوربـانی دەشـتی ڕۆژئاوایـە، ئەمـەش تـەنات لەدۆزینـەوەی ریـشەو رەچەڵەکیـشدا لای کوردنـاس و ڕۆژهەڵاتناسـەکان ڕەنگیداوەتەوە.

بەردەام لەگەڕانەوە بۆ رابردووی کورد، تووشـی سەرهێشەو تـەمو مژێکی زۆر دەبی،، کـەمن پێموایـە ئـەوەش زیـاتر جۆرێکـە لـەیاریکردن. ئێـستا دەتـوانین بڵـێن کـورد لەوتـەی هەیە لەبەردەم هەڕەشەی ئەنفالدایە، ئەنفال بـەمانای لسێەندنەوەی ناسـنامە، سـڕینەوەی ناسنامە،سـڕینەوەی شـوناس،زۆرجار دەمـەوێت ئـەو صرسـیارە لـەخۆم بکـەم ئایـا ئێمـە لەپرۆسـەی ئـەنفالی 1988 دا چـیمان لەدەسـتادا؟. بەڕاسـتی ئـەو ژمـارە سیاسـیە بـۆ قوربانیەکان تووشی سەرسامیەکی گەورە دەکات:" 182" سەدوهەشتاودوو هەزار کەش کـە بـۆ خـۆم چـەند سـاڵێکە لەنووسـینەکانمدا دەمـەوێ ژمارەکـە ڕاسـت بکەمـەوە کـە ژمارەیەکە وردی"دیقـەتی" تیـا نیـە. هەڵوەشـاندنەوەی چـەندین قـەزاو ناحیـە و ڕوخـانی هەزاران گوند،دروستکردنی چـەندین ئۆروگـای سـایگۆنی. بەتـەواوەتی هەڵوەشـاندنەوەی جهێهات،کە بنچیەنەیکی بەهێزی کشتوکاڵ و ئابوری وڵاتێکـی وەکـو وڵاتـی کوردەواری

بوو. پتر لەیەك ملیۆن و نیو مرۆڤ بەرکەوتووی ئەو شالاوەیە قەربارەی جینۆسایدەکە وئێستا زیاتر دەردەکەێت.ئەمە جگەلەهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان وەرزێرو زەوی. شۆرش و کورد کە بەبڕوای من پەیوەندی نێوان بزوتنەوە و حیزبە سیاسیەکانی کورد لەگەڵ مرۆڤی کوردا لەدوای تاوانی ئەنفالەوە چووە قۆناغێکی دیکەوە، باکۆمەڵگەیش کۆمەڵگەیەکی فیودالّی بوو بێت کەئەوەش هێشتا مەودای قسەکردنی لەبەردەمیدایە، بەڵام ئەنفال مرۆڤی کوردی بەتایبەتی مرۆڤی لادێنشینی لەبەرهەمهێنەوە کردە بەرخۆ. پەرەسەندنی دیاردەی جاشایەتی لەدوای تاوانەکەوە چووە قۆناغێکی ترسناکەوە بەڕادەیەك کەدەشێ ئەو قۆناغە نابنرێت" قۆناغی جاشاندن". یان جاشبوونی بەرفراوان.

**دەرئە نجامێکی خەمناك**

ئێمە لەئەنفالدا هەر خەڵکمان لەدەسیت نەدا، بەڵکو عیزەتی نەفس و بوون ورەوئازایەتی و بڕیاردانمان لەدەستدا،هەرگیز ناکرێت مرۆڤی کوردی پێش ئەنفال ودوای ئەنفال تاماوەیەکی دوورتر لەئێستا وەکو یەك تەماشا بکرێت،ئەنفال بچوکی کردینەوە فێری پارانەوە و دەستپانکردنەوەی کردین، فێری تالان و خیانەتی کردین، ئەنفال زۆرێك لەشانازییەکانی بوونی لێسەندینەوە.

دیاردەی تالان و بڕۆبەر لەئەنفال پەیوەست بوو بەتاکە کەسەوە، تاکەکەس بەرپرسیارێتی خۆی لەو ڕوەوە لەئەستۆ بوو لەگەرمەی ئەنفال ودوای ئەنفالدا ئەمە بوو بە دیاردەو گشتێنرا، تەنانەت ئەوە لە ڕاپەرینی 1991 یشدا ڕەنگیدایەوە،چیدی مرۆڤی پێش ئەنفال، مرۆڤش پاش ئەنفال نیە، گەڕان بەدوای ئەو بوونەدا کەپڕ بوو لەژاو قایمی لەچۆك دانەدان، لەبەگژداچوونەوە لەدوای ئەنفال بووبە سەراب، من دەتوانم بڵێم بەهەموو شێوەیەك کوردەکەی دوای ئەنفال کەستێیەکی یدکیە، کوردێکی دیکەیە، کوردێك ئەگەر ئەنفال بەدوای ئازادیدا گەڕابێت، لەدوای ئەنفالەوە بەدوای دەگەڕێت.

**لەنووسینی ئەم بابەتەدا سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

– جرائم الحرب : و: غازی مەسعود، چاپی یەکەم ،2007 .

–لەتیف فاتح فەرج: تەعریب و ڕاگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعسدا، چاپی 2004 .

– گۆڤاری سەنتەری برایەتی، تایبەت بە کۆنفراسی زانستی ئەنفال، ژمارە 24، هاوینی 2002.

– لەتیف فاتح فەرەج: جینۆساید وکاڵبونەوە، چاپی 2004 .

– حسن العلوي: العراق دولة المنظمة السرية.

– جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.